ئایە خزمەتـی نەخۆشـێ دەکەی؟



بـهێڵە ئێمەیش خزمەتـی تۆ بکەین ...

# یارمەتی خزم بۆ ئەو کەسەیە کە خزمەت و چاودێری دەکا

خزمەتی نەخۆشێ یان مرۆڤێکی بەتەمەن یان کەمتوانایەك دەکەی – خزمێ، هاورێیەکی باش یان هاوسێیەك؟ هەست بە تەنیایی دەکەی لە هەڵگرتنی ئەو هەموو بەرپرسیارییانە کە هەتە؟

کەواتە پەیوەندی لە گەڵماندا بکە لە شارەوانیدا. لێرە پشتیوانی و رێنمایی و یارمەتی وەردەگری. ئێمە یارمەتی ئەوانە دەدەین کە چاودێری دەکەن و دەخوازین یارمەتیت بدەین پێش ئەوە بسوێیت.

یارمەتی خزم بەشێکە لە خزمەتگوزاری شارەوانێکەت. سەردانی ئێمە یان وەرگرتنی یارمەتی و پشتگیری و رێنمایی هیچی تیا ناچێ و بە خۆراییە. ئێمە نهێنی دەپارێزین و رەفتار لەگەڵ هەموان دەکەین بە رێز و گەرمی.



ئێمە پێمان وایە هەرچەند زووتر بێیی بۆ لامان ئەوەندە باشترە. هەر وەها ئەگەر لە هەموو دڵتەوە دەتەوێ خزمەتی نەخۆشەکە بکەی، ئەوە زوو یان درەنگ هەر پێویستیت بە یارمەتی دەوێت. وەرە خۆت ئاشنا بکە لەگەڵماندا و تەماشا بکە چیمان هەیە پێشکەشتی بکەین. لەوانەیە زۆر گرنگتر بێت لە واپێزانینت.

بە خێر بێیت، ئێمە لێرەین و هیچمان ناوێ لە یارمەتیدانی تۆ نەبێ.

کەی دێییت؟

# بەخێر هاتنێکی گەرمت لێ دەکەین لە هاتنت بۆ ناوەندی یارمەتی خزمان

شوێنەکەمان لە شەقامی تیولە 8 (Tulegatan 8) لە ئۆرەبروە. هەموو ڕۆژە ئاساییەکان لێرەین لە کاتژمێری 9.00 – 15.00. دەتوانی سەرمان لێبدەی یان تەلەفۆن بکەی.

تەلەفۆن: **019-21 32 30**

ANHÖRIGCENTRUM
trygghet gemenskap förståelse

ÖREBRO

Anhörigcentrum, Örebro kommun, Box 34542, 701 35 Örebro
Besöksadress: Tulegatan 8, Örebro. E-post: anhorigcentrum@orebro.se
Hemsida: www.orebro.se/anhorigcentrum